تیمی ڕاگەیاندنی حکومەت:ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە تا ئێستا تەواوکراون گەیشتووەتە ١٥٠ قوتابخانە لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە

وتەبێژی تیمی راگەیاندنی حکومەتی عێراق رایگەیاند، ئەمساڵ هەزار قوتابخانە لە چوارچێوەی ڕەکخستنی عێراق و چین لە بەغدا و شارەکانی تر دروست دەکرێن. دەشێت، " لە ئێستادا بەشێکیان تەواو کراون".

ئەمە شەمە، حەیدەر مەجید وتەبێژی تیمی راگەیاندنی حکومەت بە ئاژانسی هەواڵی عێراقی راگەیاندووە، ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە تا ئێستا تەواوکراون گەیشتووەتە ١٥٠ قوتابخانە لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە، قوتابخانەکانیش، ١٢ پێلی، ١٨ پێلی و ٢٤ پێلین.

ئاماژەی بەوەش کردووە، بەپێی ئەو پلانەی ئەنجومەنی وەزیران دایەشتووە، لە کۆتایی ئەم مانگدا ژمارەی قوتابخانە تەواوکراوەکان دەگاتە ٢٥٠ قوتابخانە.

ئەوەشی خستووەتە روو، لە قۆناغی یەکەمدا هەزار قوتابخانە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ تەواو دەبن. دەشێت، "تەواوکردنی قوتابخانەکان لە چوارچێوەی پلانەکانی حکومەتدایە بە کۆتاییهێنان بە قوتابخانەی دوو دەوامی".